# تێڕامانێك لە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و گرفتەكانی

## بەشی شەشەم

ڕابەرانی سۆشیالیستیی ناو چینی كرێكار , كۆمۆنیستە لە یەك دابڕاو و پەرەوازەكانی ناو كۆمەڵگا , ئەندامانی حزبەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , دەكرێت لە ئێستاوە ئیتر بیر لە دامەزراندنی حزبی بەرییني كۆمۆنیستانەی چینی كرێكار بكەنەوە . دامەزراندنی ئەم جۆرە حزبە كە ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ بنەمای كار كردن پێك دەهێنێت تیایدا , وێنا كردنێكی خەیاڵی و زۆرانبازی كردن نییە لەگەڵ محاڵدا . هەر چوونە پرۆسەی پەیوەندییەوە لەگەڵ یەكتریدا , بۆ خۆی پێكەوەنانی چوارچێوەیەكی حزبییە . لە دووتوێی ئەو هەنگاوی یەكەمەدا , هەنگاوەكانی تر سەر هەڵدەدەن . دروست بوونی ئەم جۆرە لە حزب ئاسانییەكەی لەویدایە كە لە یەك خاڵەوە دەست پێدەكات و لەویشدا كۆتایی دێت , كە ئەویش ڕابەرایەتی كردنی بە كۆمەڵە . وە كۆسپی گەورەی بەردەم دروست بوونیشی , لە ڕاستیدا , هەر ئەو خاڵی سەرەتا و كۆتایی یەیە بە بارەكەی تردا كە ئەویش ڕابەرایەتی تاكڕەوی یە . ئەم ڕابەرایەتی كردنی بە كۆمەڵە كە لە سەر بناغەی مەركەزیەتی خوارەوە دروست دەبێت , گرنگترین فاكتەری ئاوێزان بوونی حزبە بە چینی كرێكارەوە . مەسەلەی ڕابەرایەتی كردنی بە كۆمەڵ و مەركەزیەتی خوارەوە , بە هیچ شێوەیەك لە یەكتری جیا نابنەوە . ئەمانە بۆ خۆیان دوو دیوی یەك سكەن . وە ئەمانە ئەو دوو فاكتەرەن كە ئازادی و ماف و بەرابەری بۆ هەموو ئەندامانی حزب بۆ ئێجگاری بەرقەرار دەكات . ناكۆكی نێوان حزبەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی , پێش ئەوەی پەیوەندی بە فكر و سیاسەتەوە هەبێت , پێش ئەوەی پەیوەندی بە كێشەی دەسەڵاتەوە هەبێت لە ناو خۆیاندا , پێش ئەوەی پەیوەندی بە چینی كرێكار و خەبات و ئامانجیەوە هەبێت ,, پەیوەندی بە ناكۆك بوونی پێكهاتەی حزبەكان خۆیانەوە هەیە بەو ئاسۆ و ئامانجانەی لە پێناویدا دروست بوون . نەهاتنەوە و نەگونجانی ئەم شێوەیە لە حزبایەتی , لەگەڵ پرۆسەی خەباتی چینایەتی كرێكاراندا . ڕاستە مەسەلەی جیاوازی فكر و سیاسەت لە نێوانیاندا فاكتەرێكی گرنگە , بەڵام ئەم فاكتەرە گرنگە چۆن دەتوانێت كێشەكە لە نێوانیاندا ساغ بكاتەوە , لە كاتێكدا كە خودی فاكتەرەكە ( فكر و سیاسەت ) نامۆیە بە سەرتاپای چۆنیەتی پێكهاتنی حزبەكان و سیستمی كار كردن تیایاندا . ڕاستە مەسەلەی پلەوپایە لە نێوانیاندا كاریگەری خۆی هەیە لە سەر جیا بوونەوەكان , بەڵام ئەوە ئەنجامی پیادە بوونی ڕابەرایەتی تاكڕەوییە كە یەكانگیرە لەگەڵ شكڵ گرتنی ئەم حزبانەدا . ئەم جۆرە لە بنیاتنان و پێكهێنانی حزب , ڕێگری كارامەی كۆ كردنەوەی كۆمۆنیستە لە یەك دابڕاو و پەرەوازەكانی ناو كۆمەڵگایە . بوونی ڕێزێكی بەرین لە كۆمۆنیستەكان بەو پەرش و بڵاوییە , بەو بێ پەیوەندییە لەگەڵ یەكتریدا , بەو دوور كەوتنەوەیە لە خەباتی ڕاستەوخۆی چینایەتی , بەرئەنجامی داگیر كردنی گۆڕەپانی سیاسییە لە لایەن ئەم جۆرە حزبانەوە ( حزبەكانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی ) كە دژایەتییەكی بنەڕەتییان هەیە لەگەڵ شێوازی خەباتی چینایەتییانەی كرێكاراندا . گرفتی ئەسڵیی ئەم كۆمۆنیستە پەرەوازانە , نەبوونی حزبی شۆڕشگێڕانەی چینی كرێكارە . لەگەڵ دروست بوونی حزبی بەرین و ئاشنا بە خەباتی چینی كرێكار , ئەم كۆمۆنیستانە هێزێكی گەورەی ڕیزە تەشكیلاتییەكانی دەبن .

ڕابەرە سۆشیالیستەكانی ناو چینی كرێكار , كە هێزی ئەسڵی و لە بن نەهاتووی مەیدانی خەباتی چینایەتین , بە هۆی ئەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆمۆنیستییەوە تووشی لاوازی هاتوون . ئەم حزبانە , جگە لەوەی كە دەوری شۆڕشگێڕانەی ئەوان ( ڕابەرە سۆشیالیستەكان ) لە دوایین لێكدانەوەدا بە پەیوەند بە ڕیزەكانی تەشكیلاتەكانیانەوە , دەدەنە بەر باس و لێكۆڵینەوە و پێزانینی جێگاوڕێگایان لە خەبات و شۆڕشی كرێكاریدا , كە ڕاشیان دەكێشن و دەیانكەن بە ئەندام , كەلێنێكی گەورە دەخەنە نێوان ئەوان و چینی كرێكارەوە . ئاخر ئەم حزبانە بەم كارەیان ( ڕاكێشانی ڕابەرە

سۆشیالیستەکانی ناو چینی کرێکار و کردنیان بە ئەندام لە ناو حزبەکانیاندا ) ، ئەو ڕابەرانە لە خەباتی چینایەتییەوە ڕادەکێشن بۆ خەباتی حزبایەتی . لە دنیایەکی ئاسۆ ڕۆشنەوە ڕایان دەکێشن بۆ دنیایەکی ئاسۆ لێڵ .
لە ڕابەرایەتی بە کۆمەڵەوە ڕایان دەکێشن بۆ ڕابەرایەتی تاکڕەوی . لە مەیدانی سەرکەوتنەکانەوە ڕایان دەکێشن بۆ مەیدانی تێك شکانەکان . لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕایاندەکێشن بۆ پەیوەندییە حزبییە داخراوەکان . لە پرۆسەی کاری ئازادەوە ڕایاندەکێشن بۆ چوونە پرۆسەی کاری تەواو سنووردارەوە . لە شوێنی یەکگرتنی کەسایەتی و خەبات و دەستکەوتی چینایەتییەوە ڕایان دەکێشن بۆ شوێنی لە یەك جیابوونەوەی هەرسێکیان . لە یەکخستن و گشتی کردنەوەی داوا کرێکارییەکان و پتەو کردنەوەی ڕیزەکانیانەوە ، ڕایاندەکێشن بۆ گشتی کردنەوەی ڕووخسارەکانی لیدەر و سکرتێر و ئەندامانی بنج داکوتاوی مەکتەب سیاسییەکان . چونکە ڕابەرە سۆشیالیستەکانی ناو چینی کرێکار پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەربلاویان هەیە و لە خۆشەویستی و ناسراوییەکی بەرچاو بەهرەمەندن ، جێگای چاو تێبڕینی ڕابەرە چەپە ڕۆشنبیرەکانی ناو حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستین و کەناڵێکی گرنگە بۆ کۆمەڵایەتی بوونەوەیان ( باشترین نموونەش لێرەدا هەر _ حككع _ ە ) . ئەندامانی خوارەوەی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، کە هێزی ئەسڵیی ئەو حزبانە و هۆکاری مانەوەیانن ، چەوساوەی دەستی ڕابەرایەتییەکان و بەدی هێنەری ئارەزووە فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە ناکرێکارییەکانیانن . ئەم ئەندامانە لە حزبەکاندا بە ناوی حزبیەت و دیسپلین و خەبات و چەندەها بڕوبیانووی ترەوە ، لە لایەن ڕابەرایەتییەکانەوە دەستەمۆ کراوون . فاکتەری بنەڕەتی لە کۆنترۆڵ کردنی ئەندامانی خوارەوەدا ، سەرکوت کردن و هێشتنەوەیانە لە بارودۆخێکدا کە ئاشنا نەبن بە زانستی ڕزگاری بەخشی چینی کرێکار کە مارکسیزمە . وووریا بوونەوەی ئەندامان بە مارکسیزم ، کەوتنەوەی ئەو ئاگرەیە کە ڕابەرایەتییەکان بۆیان دانامرکێتەوە .
لە جیاتی ئەوەی پەیوەندی کۆمۆنیستەکان لە ناو حزبدا نمونەیەك بێت لە کۆمەڵگای سۆشیالیستی ، کەچی نموونەیەکە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری . پەیوەندییە داڕێژراوەکانی زنجیرە مەڕاتیب لە حزبدا ، پەیوەندییەکانی سوپا دەوڵەتییەکانمان دێنێتەوە یاد . وە هەر لێرەشەوەیە کە یەکێك لە ئەندامانی ئێستای مەکتەب سیاسی یەکێك لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، چەند جار وتوویەتی کە دەبێت پەیوەندی نێوان ئەندام و لێپرسراوی کۆمیتە ، وەك پەیوەندی نێوان سەرباز و ئەفسەر وابێت . ئا ئەمەیە ئەو دیسپلینە حزبییەی کە ڕابەرایەتییەکان لە ناو حزبەکاندا جێکەوتەی دەکەن . ئا ئەمەیە ئەو کۆیلەیەتییەی کە بە ناوی کۆمۆنیزم و خەباتی چینی کرێکارەوە بە سەر ئەنداماندا دایدەسەپێنن . ئا ئەمەیە ئەو سووکایەتی کردنەی ڕابەرایەتییەکان بە ئەندامان . ئەوەی کە ڕۆژانە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەهێڵێتەوە چینی کرێکارە ، کەچی ئەوەشی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەم کۆمەڵگایەوە بایەخیان پێ نادرێ و بە سووك سەیر دەکرێن ، کرێکارانن . لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا هەمان شت دووبارە بووەتەوە . ئەوانەی کە حزبەکانیان ڕاگرتووە و ڕۆژانە لە سەر شانی خۆیان دەیانهێڵنەوە و درێژە بە هەناسەدانیان دەدەن ئەندامانن ، بەڵام ئەوانەشی کە بایەخیان پێنادرێ لە لایەن ڕابەرایەتییەکانەوە نزم سەیر دەکرێن ، هەر ئەندامانن . هەر تەنیا هەبوونی دەسەڵاتی دەرکردن لە لایەن ڕابەرایەتییەکانەوە بۆ ئەندامان ، بەسە بۆ سەلماندنی سووکایەتی پێکردنیان . حزبێك پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ناو خۆیدا جێ بخات و بەرهەمی بهێنێتەوە ، چۆن دەتوانێت سۆشیالیزم دابمەزرێنێت . نەك هەر ئەوەندە ، بەڵکو ناشتوانێت بە هیچ شێوەیەك ببێتە پێشڕەوی خەباتی چینی کرێکار . حزبێك کە سەرکوێری ئەندامەکانی خۆی بکات و ڕێگا لە هۆشیار بوونەوەیان بگرێت ، چۆن دەتوانێت چینی کرێکار هۆشیار بکاتەوە .
من لێرەدا دیاردەکە بە پێچەوانەوە دەبینم . واتە چوونە پێشەوەی چینی کرێکار دەبێت حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هۆشیار بکاتەوە . چونکە چینی کرێکار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامەکانیدا کراوەتر و پێشکەوتووانەتر و مرۆیانەترن ، لە پەیوەندییە داڕێژراوە شوێن کەوتووەکانی سیتمی زنجیرە مەڕاتیب لە حزبەکاندا . وە

پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان خەباتگێڕانی چینی کرێکار , زۆر واوەترە لە پەیوەندییە سیاسییەکانی ناو حزبەکان . بەرژەوەندییە سیاسی و چینایەتییەکانی ئەندامان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕابەرایەتییەکان لە حزبەکاندا , نایەتەوە . دوو دنیای جیاوازن کە لە یەك قاڵبی حزبیدا داڕێژراوون . ڕیزەکانی خوارەوەی حزبەکان , چەوساوەکان و ڕابەرایەتییەکانیش , چەوسێنەران پێك دەهێنن . ( ئەم باسە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە لەو ڕابەرایەتییانەدا , بە بەراووردی حزبەکان بە یەکتری , تاك تاك وەیان چەند ڕابەرێکی دڵسۆز بە چینی کرێکار و خەبتگێڕانی سەر ڕێگای سۆشیالیزم , هەن و دەیانەوێت بە شۆڕشی چینی کرێکار و دامەزراندنی سۆشیالیزم بگەن ,, بەلاّم بە داخەوە , پەیوەست بوونیان بەم خەیاڵە خۆش و مرۆڤ دۆستانەیانەوە و هەڵسوڕانیان لەو پێناوەدا , هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ناتوانن کاریگەرییان لە سەر ڕێڕەوی گشتی حزبەکان هەبێت و بە ئاقاری نزیك بوونەوەیان لە چینی کرێکار و ئامانجە کۆتاییەکانی , بیانگۆڕن ) .

لە ڕاستیدا ڕابەرایەتی بۆیە هەیە , چونکە ئەندامان هەن . ڕابەرایەتی بۆیە بیرۆکراتیەت پیادە دەکات , چونکە ئەندامان لە خوارەوە نە بەو پلەیە هۆشیارن و نە بەو پلەیەش یەکگرتوون کە لە بەرانبەر ڕابەرایەتیدا بووەستنەوە . یانی لە پاڵ پێکهاتەی حزبی و زنجیرە مەڕاتیب و مەرکەزیەتی سەرەوە و دیسپلینی توندەوەبوو , ناهۆشیاری و یەك نەگرتنی ئەندامانیش , دوو فاکتەری تری مانەوەی ڕابەرایەتی تاکڕەوین . ئەڵبەتە لە پاڵ ئەو فاکتەرانەی سەرەوەدا چەند فاکتەرێکی تر هەن کە لە قازانجی ڕابەرایەتی تاکڕەوی دەردەچن , کە ئەوانەش پرۆسەی مێژوویی ئەم حزبانە و جیهانیەتەکەیان و هاتنەوەیانە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگادا کە فەرهەنگی زاڵ تیایدا , فەرهەنگی دەسەلاّتدارانە . بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەو گرفتانەشدا کە ڕووبەڕووی ئەندامان دەبنەوە , تەنیا هەوڵدان بۆ خۆ چەکدار کردن بە مارکسیزم و نزیك بوونەوەیان لە یەکتری , ئیتر گومان و دڵنیایی و ناڕەزایەتی بە دوای یەکتریدا دێن و ڕابەرایەتییەکان لە هەموو لایەکەوە دەخەنە ژێر پرسیار و فشاری شۆڕشگێڕانەیانەوە کە لە دواییدا دەتوانن بە شۆڕشی نەبڕاوەیان , گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان بە سەر حزبەکانیاندا بهێنن . ئەندامان بۆ پچڕاندنی زنجیرەکانی دەست و قاچیان , دکرێت لە سەر دوو ئاستەوە جموجۆڵی شۆڕشگێڕانەیان دەست پێ بکەن . ئەگەر یەکێکیان هۆشیار کردنەوە و یکگرتن و خستنە ڕێی ناڕەزایەتییەکانیان بێت لە ناو حزبەکاندا , ئەوا دووەمیشیان هەوڵدانی پەیگیرانەیانە بۆ نزیك بوونەوە و یکگرتنیان لەگەڵ ڕابەرانی سۆشیالیستی ناو چینی کرێکار و کۆمۆنیستە پەرەوازەکانی ناو کۆمەڵگا . ئەم سێ بەشە سەرەکییەی کۆمۆنیستەکان پێکەوە ( ڕابەرانی سۆشیالیست و کۆمۆنیستە پەرەوازەکان و ئەندامانی حزبەکان ) , ئەو هێزە لە بن نەهاتووەن , کە بە تێهەڵکێش بوونی یەکگرتووانەیان بە خەباتی چینی کرێکارەوە , هەم خەباتە چینایەتییەکە لەگەڵ کرێکاراندا بە هەنگاوی گەورە دەبەنە پێشەوە , هەم بۆرژوا بە ڕادەی جۆراوجۆری بەرچاو دەخەنە ژێر فشارەوە , وە هەم خۆشیان بە کردەوە و بە ناچاری دەچنە پرۆسەی پێکهێنانی حزبەوە ( واتە حزبی بەرپینی چینی کرێکار کە مەرکەزیەت لە خوارەوەیە و ڕابەرایەتیش تیایدا بە کۆمەڵە ) .

## درێژەی هەیە

## بژار 2005-05-08